# ڕۆشنبیران و دەسەڵات
# (گفتوگۆی نێوان میشیل فۆکۆ و ژیل دولۆز)

**فۆکۆ**: «ماوییەک» پێی ووتم: «لەوە باش تێدەگەم کە بۆچی سارتەر لەگەڵماندا دەوەستێ و لەبەرچیش کاری سیاسەت دەکا و بەرەو کام ئاقاریش کاری بۆدەکا، لەکاتی پێویستدا، لە تۆ تێدەگەم، ئەتۆ هەمیشە گرفتی بەندکردنت دەربڕیووە. بەڵام بەڕاستی هەرگیز لە دولۆز ناگەم.»
ئەو وتەیە تەواو حەپەساندمی، تێفکرینی تۆ بۆ من زۆر ئاشکرایە.

**دولۆز**: ڕەنگە لەبەرئەوەبێ ئێمە بە ڕێگەی پەیوەندییەکی تازەوە لەگەڵ تیۆری کردار «Funktion»دا بژین. هەندێ جار، دیدی کردار بەو مانایەی کە پراکتیزەکردنی تیۆرییە، ئەمە بۆ تەواوبوونی ئەو تیۆرییە وەک ئاکامێک وایە. بەپێچەوانەی ئەمەش، هەندێ جار، خۆی لەپێناوی تیۆرییەکی داهاتوودا کارێکی داهێنەرانەیە. لە هەموو بارێکدا، بەو مانایە بێ یان ئەویتر، تێڕوانینی ئەو پەیوەندییەی کە لەسەر شێوەی ئەو ڕەوتە سەرتاسەرییە «ڕەهایەتی»یەی کە لەنێوانیاندا هەیە بەسەرچوو. سەبارەت بە ئێمەوە، ڕەنگە بتوانرێت مەسەلەکە بەڕێگەیەکی ترەوە دەرببڕدرێت. تیۆری – کردار خۆی هەمیشە بەش بەش و لێکدابڕاوە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە، تیۆری هەمیشە ناوچەییە، بە بوارێکی بچووک بەستراوەتەوە، ڕەنگە ئەگەر دوور لە بوارەکەی خۆیدا، لە بوارێکی تر پراکتیزە بکرێ، ساتمە بکات. بەڵام نابێ پەیوەندییەکانی پراکتیزەکردنی، پەیوەندییەکی وێکچوو بێت. هەروا لەلایەکی تریشەوە، تیۆری لە بوارە تایبەتیەکەی خۆیدا خۆی ڕەسەن دەکات، تاوەکو لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاستەنگ و دیوار و لەمپەرانە خۆی دەربازبکات کە وادەکەن بە زۆرەملێ بۆ جۆرە گوتارێکی دیکەی بگۆڕن «هەر ئەو گوتارەشە کە ڕێگەی شیانی تێپەڕبوونی بەرەو بوارێکی تر پێدەبەخشێ».
خودی کردار «Funktion» لەنێوان خاڵێکی تیۆرییەوە بۆ یەکێکی تر سەرەنجامی نۆبەتەکانە، تیۆریش، لە کردارێکەوە بۆ کردارێکی تر نۆبەتکارییە. هیچ تیۆرییەک ناکرێ پێشبکەوێ ئەگەر ڕووبەڕووی دیوارێک نەبێتەوە. دەبێ لەپێناوی کونکردنی ئەو دیوارەدا ڕەفتار بکا. بۆنموونە، تۆ، وەک ئارامگایەکی عەقلی «کالمصح العقلی»، لە سەدەی نۆزدە، لە کۆمەڵگای سەرمایەداری لەناو کۆڕ و کۆمەڵانی گیراوەکاندا دەستت بە لێکۆڵینەوەی تیۆری کرد. پاشان لەپێناوی ئەوەی کە دەبێ کەسە گیراوەکان بەخۆیان بئاخڤن و بەخۆیان بە نۆبەتکاری هەستن، دەستت بەکار کرد، «یان بەپێچەوانەوە، تۆ بۆ ئەوان بوویتە ئەو نۆبەتە»، ئەو کەسانە لەناو زیندان بوون، ئەوان لە زیندان بوون، تۆ بەو زیندانیانە تیپی ڕاگەیاندنی زیندانت ڕێکخست، کە لەسەر ئەم بناغەیە بوو: بارودۆخێک دابمەزرێ کە دەرفەت بدا بە زیندانیەکان بە خۆیان بئاخڤن. ئەو قسەیە بەگشتی بەهەڵە تەواو دەبێ، کە «ماوییەکە» ڕایدەگەیەنێ گەر بگووترێ، گوایە تۆ گەیشتیە کرداری

بەپراکتیزەکردنی تیۆرییەکانت. لێرەدا گەر پراکتیک نەبێ، نە پرۆژەی چارەسازی، بگرە نە دابینکردنیش بەمانا تەقلیدیەکانی لەگۆڕێدایە.
لەوێدا شتێکی تەواو جیاواز هەیە ئەویش: هاوکات ڕژێمی نۆبەتیە لەناو کۆمەڵی، فرە دابڕان و بەشەکانی تیۆریی و پرۆسەکان.
سەبارەت بە ئێمەوە، ڕۆشنبیریی تیۆری کە ببێتە خودێک، هۆشمەندێکی نوێنەرانە یان نوێنەریەتیکردن ڕۆژگاری بەسەرچوو. ئەوانەی کە تێدەکۆشن و دەجولێن بگرە گەر بەڕێگەی حزبیەوە، یان سەندیکاشەوە بێ، کە بە ڕۆڵی خۆیان هەقیشە بن بەو جێگە گرتنەوەیە، بن بە هۆشمەندییان، لەو نوێنەریەتیکردنە دەسبەرداربوون. کێیە قسە دەکا و کێیە کاردەکا؟ هەمیشە کەمایەتیە، هەتا لە زیندانیشدا کە قسەدەکا و کاردەکا. ئێمە هەمووومان بەشەکانین. لێرەدا نوێنەریکردن کاتی بەسەرچوو. لێرەدا ئەوەی کە هەبوونی هەیە تەنیا کارە، کاری کردەوەیی لەناو پەیوەندیە هاوبەشەکان یان تۆڕەکان، بێجگە لەوە هیچی تر لەگۆڕێدا نیە.
**میشیل فوکۆ**: بەمەزەندەی من هەڵوێستی ڕۆشنبیرە تەقلیدیەکان لە ڕوانگەی دوو شتدا دامەزرابوو: وەک ڕۆشنبیرێک هەڵوێستی ئەو لە کۆمەڵی بورژوازی، لە سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی ناو ئەو ئایدۆلۆژیای کە ئەو کۆمەڵەی بەرهەمدەهێنا «چەوساوە، تا ڕادەی کلۆڵی کورتکراوە، قبووڵ نەکراو، "مەلعون"، بە فەساد تۆمەتبارکراو، لەو شوێنەی کە ناکرێ بیری لێ بکرێتەوە بۆ پەیوەندیە سیاسیەکان ئاشکراکراو». ئەم دوو شێوە بەسیاسەتکراوانە لەگەڵ یەکتردا نائاشنانین، بەڵام پێویستیش نیە هاوجووت بن لەگەڵ یەکتردا. لەوێدا چەشنە ڕۆشنبیرێکی «مەلعون» و چەشنە ڕۆشنبیرێکی «سۆسیالیستی» هەبوو. ئەم دوو جۆرە بەسیاسەتکراوە بەئاسانی لەگەڵ یەکتر تێکەڵاو دەبن، لە ساتە دیاریکراوەکاندا لە بەرتەکی دەسەڵاتدا، دوای ١٧٤٨، دوای کۆمۆنەی پاریس و، دوای ١٩٤٠: لەوکاتەی کە تیایدا «شتەکان» لەسەر حەقیقەتەکانیان سەریانهەڵدا، لەو ساتەی کە نەدەبوو بگووترێ کە مەلیک شەرمە، ڕۆشنبیر بە چەوسانەوە ڕازی نەبوو. ئەوکات ڕۆشنبیر بۆ ئەوان ڕاستی دەگووت کە هێشتا نەیاندەبینی و بەناوی ئەوانەی کە توانای گوتنیان نەبوو ڕاستی ڕادەگەیاند: ویژدان و ئاشکرایی. ڕۆشنبیران هەر لە هەوڵی تازەوە ئەوەیان دۆزیەوە، کە جەماوەر لەبەر خاتری زانیاریی «المعرفە»دا پێویستیان بەوان نیە، هەروا بەشێوەیەکی تەواو باش دەیبێژن. دەسەڵات نەک هەر تەنیا لە ناوەندە بەرزەکاندا جێگیرە، بەڵکو شارەزایانە لەناو تۆڕی کۆمەڵایەتیدا، بەقووڵی ڕیشاژۆکراوە. خودی ڕۆشنبیران بەشێک لەو دەسەڵاتە پێکدێنن، ئەو بیرۆکەی کە دەڵێ، هەموو ڕۆشنبیران نوێنەرایەتی «هۆشمەند»ی و گووتار دەکەن، ئەوە خۆی بەشێک لەو سیستەمە پێکدێنێ. ڕۆڵی ڕۆشنبیر بۆ «پێشەوە یان تەنیشت» ڕاوەستان نیە بۆ گووتنی حەقیقەت کە گوایە هەموو خەڵکان کەڕن، بەڵکو لەو شوێنەی کە ماددە و کەرەسەی تێدابێ، تێکۆشانە دژی هەموو شێوەکانی دەسەڵات: تێکۆشانە لەدژی سیستەمی «زانیاری»، سیستەمی «هەقیقەت»، سیستەمی «هۆشمەندی» و «گووتار»دا. بۆیە لە تیۆریی نائاخڤێ، بەڵکو وەریدەگرێ، یان جۆرە کردارێک پراکتیک دەکا، تیۆری هەر خۆی کارکردنە. بەڵام ناوچەیی و دانراوەییە، وەک دەڵێ: هەمەلایی نیە، بەڵکو تێکۆشانە دژی دەسەڵات، تێکۆشانە لەپێناوی بەدیارخستن و شیتەڵکردنی ئەو دەسەڵاتەی کە هەرچەندە زێدە شاراوە و بەتوندیش ئاڵۆزکاو بێ. تێکۆشان نیە بۆ «خاوەنداریتی هۆشمەندی» «هەر لەدێرزەمانەوە جەماوەر

بەسەر هۆشمەندی بەو مانایەی کە زانیارییە زاڵ بووە، توانای دەسکەوتنی خودی هۆشمەندی بەر لە بورژوازیەتی خاوەنداریّتی، کۆتایی هات»، بەڵام لەتەنیشتەوە، تێکۆشانە لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە لەپێناوی قووڵپ کردنەوە و دەسبەسەراگرتنی تێدەکۆشن، نەک بۆ پاشەکشە لەپێناوی ڕۆشناییان. بۆ ئەم تێکۆشانەش خودی «تیۆری» سیستەمێکی ناوچەییە.

**ژیل دۆلوز**: بەڵێ، خودی تیۆریی، کتومت وەک پاکەتی کەرەسەکان وایە. پەیوەندی بە «دال»ەوە نیە. دەبێ ئەو خزمەتە ڕاپەڕێنێ، دەبێ ئەوە بجوولێنێ. نەک لەپێناوی خۆیدا. لێرەدا گەر لە دیدگەی هەمان دیمەنەوە، کە بەسیەتی هەر دیمەن بێ، کەسانێک نەبن بەکاری بێنن، واتە شایەنی هیچ شتێک نیە، یان ئیتر ساتی بەکارهێنانی بەسەردەچێ. گەر گەڕانەوە بۆ جۆرە تیۆرییەک نەبێ، بەڵکو یەکێکی تر دروست دەکەین، کار لەسەر تیۆریەکی تر بکرێ. جێگەی سەرسووڕمانە وتەیەکی لەم تەرزە لەدەمی نووسەرێک دەربچێ کە دەکرێ بە ڕۆشنبیرێکی پاک دابندرێ، ئەویش مارسێل پرۆستە، کە بەئاشکرا گووتی: دەبا مامەلە بکەن وەک ئەوەی کە کتێبەکەم دوو شاشەی ئاراستەکراوە بۆ دەرەوە، ئەگەریش لەگەڵتان ڕێکنەکەوت، بە یەکێکی تر بیگۆڕنەوە، تاکو ئێوە ساتمە لەسەر کەرەسەکانتان بکەن کە هەردەبێ کەرەسەی شەڕبێت. ئەو تیۆرییە، بەگشت ناکرێ، ئەو تیۆرییە لاواز دێنێ، لاوازدەکات. خودی دەسەڵاتیش، بەحوکمی سروشتەکەی بەگشت ناکرێ، تۆش بەوردی وتت: تیۆریی بە سروشتەکەی خۆی، دژی دەسەڵاتە. ئەوەی کە لەم خاڵە یان ئەویتردا تیۆریی ڕەسەن دەکاتەوە، ئەوەیە تاکو گەر بە کەمترین ئاکامی پرۆسیسەکەش بێ، لەگەڵ مەحاڵ بوونی دەسکەوتن ڕووبەڕووبێتەوە. ئەگەر هات و لەکاتی پێویستیشدا لە خاڵێکی تر نەتەقێتەوە. بۆیە بیرۆکەی ڕیفۆرم گەمژە و دووڕووییە. یاخود خودی ڕیفۆرم ئەو کەسانەی کە خۆیان بە نوێنەر دادەنێن، ئەوانەی کە لەبری ئەوانیتر، بەناوی ئەوانی تر پیشەی قسەکردن پەیڕەو دەکەن پێی هەڵدەستن، ئەوەش خۆی تەنیا یەکێک لە کارە ڕێکخستوەکانی دەسەڵاتە، دەسەڵات بەدابەشکردن هەڵدەستێ و هاوشانیش داپڵۆسینی بەردەوامی لەگەڵ ئاراستە دەکا. یان ئەوەی دەیڵێ ڕیفۆرمێکە، ئەوانەی کە پەیوەندییان پێوەیە تێکیدەشکێنن، ئەوکات واز لە ڕیفۆرم دێنێ، تاکو ببێت بە کارێکی شۆڕشگێڕانە، ناخی سروشتە بەشایەتیەکەی و، هەموو دەسەڵات و سیستەمە ڕیزکراوەکانی دەخاتە بەردەم پرسیار. لە زیندانەکاندا ئەوە ڕۆشن نەبوو: کەم و زۆری لەخۆبووردوویی داواکاریی زیندانییەکان بەسبوو تاکو ڕیفۆرمی پێکەنیناوی پلیڤین «Pleven» بئاوسێ. ئەگەر هاتوو منداڵە بچووکەکان، لە قوتابخانەکانی دایکایەتی، بۆ پێویستیەکانیان یان بگرە بۆ پرسیارەکانیان بە گوێگرتن نەگەن، ئەوەندە بەسە کە لە سەرەنجامی سیستەمی فێرکردندا تەقینەوە ڕوویدات. لەڕاستیدا، ئەو ڕژێمەی کە تێیدا دەژین هیچ شتێکی نیە کە قبوول بکرێ: لە هەموو خاڵێکدا، لە یەک کات سەرچاوە ڕیشەییە ڕۆخۆکەکەی و سەرچاوەی هێزە داپڵۆسێنەرەکەی ئالێرەدایە.

وابزانم تۆ یەکەم کەس بووی کە فێری شتێکی سەرەکیت کردین ئەویش: کە مرۆڤ لەبری ئەویتر بئاخڤێ سەرشۆڕییە.

دەمەوێ بڵێم: نوێنەرایەتی لەقاڵبیداین، ئەوە بڵێ کە ئەوە کۆتایی هات، بەڵام بێئەوەی ئاکامی ئەو وەرچەرخانە «تیۆری»یە پووخت بکەینەوە ـ کە ئاخۆ گەر کەسەکان بەکردەوە بەناوی ئەوان قسە بکەن، تیۆریی تێکدەشکێ.

میشیل فۆکۆ: کاتێ کە زیندانییەکان قسەدەکەن، ئەوە دیارە کە ئەوان لەمەڕ زیندان، لەمەڕ یاسای سزا و عەدالەت تیۆری خۆیان هەیە. ئەو گووتارە گووتارێکە بە دژەدەسەلات، گووتار ـ دژ، کە ئەوە لەلایەن زیندانیەکان یان ئەوانەی کە بە باڵگرتووەکان ناوزەدەدەکرێن دەرچووە، کە ئەوەش سەرەکییە، لەمەڕ باڵگرتنەوە تیۆریی نیە. گرفتاریی زیندان ئەوە گرفتارێکی ناوچەیی و پەراوێزییە. ژمارەی ئەو کەسانەی کە ساڵانە بە زینداندا تێدەپەڕن لە «١٠٠٠٠٠»کەس تێناپەڕێ، بەشێوەیەکی گشتیش ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە فەرەنسادا ئەمڕۆ چوونە زیندان لەنێوان ٣٠٠ ـ ٤٠٠٠٠٠ هەزار دەبێ، وێڕای ئەوەش، ئەم گرفتارییە پەراوێزییە خەڵکی هەژاند. گرنگدانی ئەو خەڵکانەی کە لە ژیانیاندا زیندانیان نەدیوە بەو گرفتارییە سەرسووڕماویانکردم، هەروا بەڕوانینی ئەو خەڵکەی کە بۆ گوێگرتن لە گووتاریی زیندانیەکان، خۆشیان ئامادەنەکردبوو، حەپەسام، لەکۆتایشدا چۆن گوێیان بۆگرت. چۆن دەکرێ ئەمە شیبکرێتەوە؟ فرێدانی خەڵک لەناو زیندان، پاراستنی لەناو زیندان، لە خواردن بێبەشکردنیان، لە گەرمێتی؛ قەدەغەکردن لە چوونە دەرەوە، قەدەغەکردن لە خۆشەویستی، هتد... ئەوە خۆی لە توندوتیژترین وڕینەدا مانای سەرهەڵدانی دەسەڵاتە. دوێنێ بوو لەگەڵ ژنێکی زیندانی ئاخڤیم، پێی گووتم: «بڕوانە ئەوانە سزایان دام و ئەز ژنم، کە تەمەنی ٤٠ساڵان بوو، تەنیا نانێکی ڕەقیان پێدام». ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو چیرۆکە ئەوەش تەنێ ئاکارێکی منداڵانەی دەسەلات نیە، بەڵکو ئەو ڕەشۆکیەیە کە دەسەلات، بەدواکەوتوویی و چەپەڵی و مشەخۆریانە تا ئەوپەڕی پەیرەوی دەکا. بێبەشکردنی مرۆڤ لە هەموو شتێک بێجگە لە نان و ئاو، ئەوە لەو کاتەی کە منداڵ بووین فێریان دەکردین.

خودی زیندان تاکە شوێنێکە کە دەکرێ دەسەڵاتی بەڕووتی و بە هەموو ڕەهەندە لەڕادە بەدەرەکانی تێدا بەدیاربکەوێ، هەروا کە گوایە دەسەڵاتی ڕەوشتە خۆی بەمجۆرە دەڕازێنێتەوە: «مافی خۆمە سزات بدەم، چونکە تۆ دەزانی دزیکردن شەرمەزارییە، لە مرۆڤ بدەی، یان مرۆڤ بکوژی...». ئەو شتەی کە لە ئەزموونی زیندانیەکان سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە، کە دەسەڵات چیتر ناتوانێ خۆی بشارێتەوە بە هەموو چەلیەکەیەوە خودی خۆیەتی، لەهەمان کاتیشدا چۆن خۆی بە پاک پیشاندەدا، «بەهانەداری» گشتیە، مادام بەخۆی دەتوانێ نەخشەی ڕەفتارەکانی لەناو ڕەوشتدا بکێشێ: ئەوکات زۆرداریەکەی بەدیاردەکەوێ وەک ئەوەی کە کۆنترۆلێکی خێر بێ لەسەر شەڕدا، سیستەم بێ لەسەر ئاژاوەدا.

**ژیل دۆلوز**: بەتاکە جارێکیش، هەروا پێچەوانەکەشی ڕاستە. نەک هەر تەنێ زیندانیەکان وەک منداڵ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ، بەڵکو خودی منداڵیش وەک زیندانیەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ. منداڵ بۆ پرۆسەی بەمنداڵ کردن ناچاردەکرێ. بەم مانایە بۆیە ڕاستە بگووترێ کە خودی قوتابخانەکان وەک زیندان وان، لەوەش زیاتر کارخانەکان زیندانن. ئەوە بەسە کە مرۆڤ چووە ژووری کارخانەی ڕینۆ چاودێری دەکرێ. یان لە شوێنێکی تردا: بۆ کەس ڕەوا نیە لە ڕۆژێکدا سێ کەڕەت زیاتر بچێتە ئاودەستخانە. تۆ دەقەکەی «ژێریمی بێنتهام» «»ت دیوە کە بەوردی لە سەدەی هەژدەمدا زاراوەیەک بۆ زیندانییەکان پێشنیازکردووە و دەڵێ: بەناوی ڕیفۆرمێکی بەرز بۆوەوە سیستەمێکی ئەڵقەیی دادەمەزرێنێ نموونەی زیندانێکی تازەی لەناودا پێکدێنێ، مرۆڤیش بەشێوەیەکی هەستپێنەکراو لە قوتابخانەوە بۆ کارگە پێیدا تێدەپەڕێ، بەپێچەوانەشەوە لە کارگەوە بۆ زیندان. ئائەوەیە ناوەڕۆکی ڕیفۆرم، ناوەڕۆکی نوێنەری ڕیفۆرمیست. لەبەرانبەر

ئەمەشدا، کاتێ کەسەکان بەناوی خۆیان دەئاخڤن، ئەوان نوێنەرایەتیەک لە شوێنی نوێنەرایەتیەکی تر دانانێت، هەتا گەر پێچەوانەی ئەویش بوو، ئەوان «کەسەکان» لە ڕووبەڕووبوونەوەی نوێنەرایەتی دەسەڵاتی ساختەدا نوێنەرایەتیەکی تر پێشنیار ناکەن. بۆنموونە، لەبیرمە تۆ گوتت: لەدژی عەدالەتدا، گەل لەگۆڕێدا نیە، هەر هەموو لەسەر ئاستێکی تردا تێدەپەڕن.

میشێل فۆکۆ: وابزانم نابێ وا تەماشا بکەین کە گەل ڕقی لە عەدالەت، لە حوکمڕان، لە دادگاکانە، زیندانەکانیش تەنیا هزری عەدالەتێکی ترە کە باشتر و عادلترە، بەڵام یەکەم و بەر لە هەموو شتێکیش خاڵێکی تایبەتمەند ڕەچاوبکە کە دەسەڵاتێک هەبێ بەپشتیوانی گەل دەسەڵات پەیڕەوە بکا. تێکۆشانی بە دژە ـ شەدالەت خۆی تێکۆشانە لەدژی دەسەڵاتدا، بڕواشم بەوەنیە کە ئەو تێکۆشانە، تێکۆشان بێ دژی نا عادلەکان، ناعادلی عەدالەت، هەروا تێکۆشان بێ لەپێناوی پیشەیەکی باشتر بۆ دام و دەزگای عەدالەت. هەروا ئاشکرایە مانای وانیە کە هەموو جارێ کە یاخی بوون و هەڵشاخان و ڕاپەڕین ڕوودەدات ئامانجی دەزگای عەدالەت بێ، لەهەمان کاتیشدا بەڕێگەیەوە کە داودەسگای باج ئامانجەکەی بێ، هەروا سوپا و پێکهاتەکانی تری دەسەڵاتیش. گریمان من، هەر تەنێ گریمان نیە، بەڵکو بۆنموونە، دادگاکانی خەڵکی لەکاتی شۆڕشدا ڕێگاکەی تەنیا بۆرژوای بچووک نیە کە هاوپەیمانە لەگەڵ جەماوەردا لەپێناوی جارێکی تر گەڕاندنەوە و زاڵبوونی بەسەر بزاڤی تێکۆشانی دژ بە عەدالەت. تاوەکو گەڕاندنەوەکە تەواوبێ، پێشکەشکردنی ڕژێمی دادگا تەواوبوو کە پشت بە عەدالەت دەبەستێ، کە لەتوانایدا هەیە عادل بێت، هەتا دادوەرێک دەتوانێ بڕیارێکیی عادیلانە دەربکات. شێوەی دادگا خۆی لەمەڕ عەدالەتەوە بە ئایدۆلۆژیاوە بەندە کە خۆی عەدالەتی بۆرژوازییە.

**ژیل دۆلوز**: گەر لە هەڵویستی ئێستاکە بفکرین، ئەوە دەدۆزینەوە، کە تێڕامانی دەسەڵات ڕەها و بەرفراوانە. دەمەوێ بێژم هەموو شێوە داپڵۆسەکانی ئێستاکە، فرەلایە، لەماوەی بۆچوونی دەسەڵاتەوە دەکرێ بەئاسانی قوولبکرێتەوە: داپڵۆسینی داپڵۆسێنەرانە دژی بیانیەکان، داپڵۆسین لەناو کارگەدا، داپڵۆسین لە فێرکردن و خوێندندا، بەشێوەیەکی گشتی داپڵۆسین دژی لاوەکان. نابێ تەنێ بیر لە یەکێتیەک کە هەموو ئەو شێوانەی کە لەسەر شێوەی بەرتەکی ئایاری ٦٨ بوو بەخۆوە دەگرێ بکرێتەوە، بەڵام سەرباری ئەوەش دەبێ بیر لە یەکێتیەکی ڕێکخراوی چارەنووسی نزیکمان بکەینەوە: سەرمایەداریی فەرەنسی پێویستیەکی زۆری بە «ئیدەگی» «احتیاطی» بێ کاریی هەیە، وازیش بێنێ لە دەمامکی لیبرالی باوکانە لە خزمەتی گشتیدا. لێرەدا یەکێتی شتەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە: کۆچ دیاریکردن، گەر ئەوە نەزانین کە ئەو کارپێدانە بە کۆچپێکراوەکان هەر خۆی توندوتیژترین دژواریی و خۆنەزان کردنە ـ داپڵۆسین لەناو کارگەکان، وێڕای ئەمەش مەبەست لە پێبەخشینی «تامی» کار ی پەشۆکاوی بە فرەنسیەکان لە توندوتیژیەکەیدا لە دووەم جاردا ـ ململانێ کردن لەگەڵ لاوەکان و داپڵۆسین لەناو سیستەمی خێندندا، مادام داپڵۆسینی پۆلیس توندوتیژە، بەرانبەر ئەو پێوانەیە لە بازاڕی کاردا پێویستیان بەوان کەمدەبێتەوە. جا بۆە هەموو تیۆریەکانی کار بەوردی پەرەسندنی ڕەفتاری پۆلیسی تایۆدەکات: مامۆستایان، دکتۆرەکانی مێشک، هەموو جۆرە پەروەردەکارەکان، هتد. پاشان شتێک هەیە کە تۆ لەمێژە ڕاتگەیاندووە، کە واماندەزانی جارێکی تر بەرهەم ناهێنرێتەوە: بەهێزکردنی

هەموو بونیاتە بەندکراوەکان. ئەو کاتەی کە ئەوەمان کرد بۆ ڕووبەڕووبوونی ئەم سیاسەتە بەرفراوانەی دەسەڵات، ئەوجار بەئاگر ـ بەدژ هەڵگەڕانەوە، بە داکۆکی کردنی کاریگەر و هەندێ جاریش بە ئاگادارکردنەوە ڕووبەڕووی ناوچەیی دەبینەوە. لەوەی کە نەکرێ هەموو لایەک بگرێتەوە، ئەوکات لە بۆچوونی دەسەڵاتەوە هەموولایەکی پێ بگرێتەوە، هەروا لەتواناشماندا نیە هەموو لایەکی پێ بگرێتەوە. سەبارەت بە ئێمە، تەنیا گەر بێین دووبارە ئەو پێکهاتانە دامەزرێنینەوە کە نوێنەرایەتی ناوەندێتی و پلەکان دەکەن. ئەمەش ئەرکی ئێمە نیە، ئەوە خۆی دامەزرانێکی پەیوەندییە ئاسۆییەکانە، ئەوە سیستەمی نۆڕەکان و بناغەکانی گەلە. کە ئەمەش بۆ خۆی سەختە. بەهەمەحاڵ، ڕاستی ئەمەش هەرگیز بەواتا تەقلیدیانەکەی دژایەتی و دەسەڵات دابەشکردن، لەلایەن سیاسەتەوە، بەڕێگەی ناوەندەکانی نوێنەرایەتی، وەک شێوەی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی وەیان سەندیکاکانەوە ئەوە سەرنەگرێ. ڕاستیەکەی ئەم کارە ئەوەیە، کە ئەمرۆ لەناو سەربازگە، زیندان، ناوەندی پۆلیس، قوتابخانە، کارگەکاندا ڕوودەدەن. بەجۆرێک لە چەشنە ڕاگەیاندنێکی تردا هەمان کاریگەری بەخۆوە دەگرێ، کە بە ڕواڵەتەکەی خۆی لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەگەرییدا پێچەوانەیە.

**میشێل فۆکۆ**: ئەستەمی دۆزینەوەی شێوەکانی گونجاوی خەبات، ئاکامی ئەو ڕاستیەیە کە ئێمەی هەمیشە لەبەردەم دەسەڵات دەسەپاچەکردووە. ئایا دەکرێ بەرپەرچی بدرێتەوە، لەکاتێکدا کە ئێمە هێشتا خۆ لەوە نەزان دەکەین کە دەسەڵات چییە؟ دەبووایە چاوەڕێی سەدەی نۆزدە بکەین تا بزانین چەوسانەوە چییە، کەچی ڕەنگە تا ئەمڕۆکەش خۆمان لەوە نەزان بکەین کە دەسەڵات چییە. لە هەموو بارێکدا بۆ تێگەیشتنی ئەو شتە ئاڵۆزکاوە، هاوکات بینراو و نەبینراوە، ئامادە و نائامادەیە، کە لە هەموو شوێنێکدا بەرهەمهێنراوە، ئەو شتەی کە دەسەڵاتی پێدەڵێن دەبێ پەنا بۆ مارکس و فرۆید ببەین. تیۆریی دەوڵەت، لێکۆڵینەوەیەکی تەقلیدییە بۆ دەزگای دەوڵەت، کە بەدڵنیایشەوە پانتایی ڕەفتار و پیشەکەی دەسەڵات لەکارناخات.

وەرگێڕانی بۆ عەرەبیی: حسێن عجە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: هەندرین

* سەرچاوە ئەسڵیەکەی گۆڤاری «»، ژمارە ٤٩ .
* سەرچاوە عەرەبیەکەی گۆڤاری مواقف، ژمارە ٥٧ .